وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر

کۆلێژی ئاداب - بەشی جوگرافیا

بابەت:جوگرافیای شار

مامۆستای بابەت : کامران ولی محمود



# بیردۆزەکانی پێکهاتەی نێوخۆیی شارەکان

# تەوەرەکان :

- یەکەم : بیردۆزی بازنە هاوچەقەکان
- دووەم : بیردۆزی سێکتەرەکان
- سێیەم : بیردۆزی فرە ناوکەکان

# یەکەم : بیردۆزی بازنە هاوچەقەکان




**ئێرنیست واتسون بێرجیس**

Ernest Watson Burgess

١٨٨٦ - ١٩٦٦


زانای ئەمەریکی بێرجس لە دایکبووی شاری شیکاگۆ، پسپۆڕ لە زانستی کۆمەڵناسی– لقی کۆمەڵناسی شار لە زانکۆی شیکاگۆ.


# یەکەم : بیردۆزی بازنە هاوچەقەکان


بێرجس لەساڵی 1925 بیردۆزی بازنە هاوچەقەکانی پێشکەش کرد، کە لەسەر شاری شیکاگۆ جێبەجێی کردو دواتر بەسەر سەرجەم شارەکانی دیکەی جیهانی سەپاندو گوتی شارەکان بەشێوەی بازنەیی گەشە دەکەنو فراوان دەبن. هەروەها ئەو بیردۆزە لەسەر بنچینەی نرخی زەوی بنیاتنراوە، کە وا دادەنێ لەناوەڕاستی شارەکان بەرزترین ئاست تۆمار دەکەنو بەرەبەرە بەرەو قەراغەکان نزمتر دەبێ. بێرجس لەو بیردۆزەدا گریمانەی ئەوە دەکا کە شارەکان لەکاتی فراوانبوونیانو گەشەکردنیان شێوەی بازنە وەردەگرنو لەگەڵ هەر گۆڕانێک بەشێوەی شەپۆل لەناوەوە بەرەو دەرەوە دەجووڵێ. بۆ ئەو مەبەستە بێرجس پێکهاتەی ناوەوەی شاری دابەش کردە سەر چەند پیشتێنەیەک (بازنە) کە لەچەقەکانیاندا هاوبەشن (واتە یەک چەقیان هەیە)، وەک ئەمانەی خوارەوە:

# یەکەم : بیردۆزی بازنە هاوچەقەکان

بازنەی یەکەم : ناوچەی سەنتەری بازرگانی
بازنەی دووەم : ناوچەی راگوێزانی
بازنەی سێیەم : ناوچەی نیشتجێی کرێکارەکان
بازنەی چوارەم : ناوچەی چینی ناوەندو دەوڵەمەند
بازنەی پێنجەم : ناوچەی قەراغ شار





# یەکەم : بیردۆزی بازنە هاوچەقەکان

بازنەی یەکەم :ناوچەی سەنتەری بازرگانی CBD

ئەو ناوچەیە دڵی شارە لە رووی ئابووری‌و رۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتی. هەروەها گرێی بەیەکگەیشتنی سەرجەم ڕێگا سەرەکیەکانی ناو شارە لە هەموو لایەکاندا. کە زۆرترین چالاکیە بازرگانیەکانی تێدا گڵبۆتەوەو لە زۆر شت پێکدێ، وەک سینەماو شانۆو یانەو بازاڕی سەرەکی‌و فرۆشگای تایبەتمەندو میوانخانەی گەورەو نووسینگەی کۆمپانیا گەورەکان‌و بانکو مۆزەخانەو فەرمانگەی حکومی‌و نۆرینگەی پزیشکی‌و نووسینگەی پارێزەران‌و ..هتد .. قەراغەکانی ئەو ناوچەیە لەکۆمەڵێک وەزیفەی هەمەجۆر پێکدێ، وەک فرۆشگای تاکو کۆو کۆگای گەورەو هەندێ پیشەسازی بچووک.

بازنەی دووەم: ناوچەی راگوێزانی

ئەو ناوچەیە لە تێکەڵێک بەکارهێنانی زەوی پێکدێ، کە لەبنەڕەتدا ناوچەیەکی راگوێزانیە تایبەتمەندی هەردوو ناوچەی یەکەم‌و سێیەم لەخۆ دەگرێ. لەکاتی فراوانبوونی شاردا شوێنی خانوبەرەکانی ئەو ناوچەیە لە لایەن دام‌و دەزگا بازرگانیەکان‌و پیشەسازیە سووکەکانەوە داگیر دەکرێ، بۆیە خانووەکانی تاراددەیەک کۆن‌و کەلاوەن کە ئەمەش وای کردووە هەندێکیان لەلایەن خێزانە کەم دەرامەتەکانەوە بەکرێ بگیرێ. نرخی زەوی لێرەش هەر بە بەرزی ماوەتەوە. هەروەها ئاستی تاوانیشی تێدا بەرزە.

# یەکەم : بیردۆزی بازنە هاوچەقەکان

بازنەی سێیەم :ناوچەی نیشتەجێی کرێکارەکان

کرێکاری پیشە جۆراوجۆرەکانو فەرمانبەری کەم دەرامەت لەو ناوچەیە دەژین . هەندێ کەس بەهۆی هەرزانی کرێی گواستنەوە بۆ ناو جەرگەی شارو شوێنی کارو پیشەیان، ئەوا هاتوون بۆ ئەو ناوچەیەو لەوێ نیشتەجێن، کە زۆربەیان خەڵکی لادێو شارەکانی دیکەن.

بازنەی چوارەم :ناوچەی چینی ناوەندو دەوڵەمەند

لەو ناوچانە خانووی شێوە سەربەخۆ هەن کە تایبەتن بە یەک خێزان، کە زۆربەیان خاوەن پیشەی بازرگانیو دەوڵەمەندو فەرمانبەری ئاست ناوەندن لەرووی دەرامەتەوە.
خانووی دەوڵەمەندەکان لێرە سەربەخۆو گەورەن هەروەها باخچەیان تێدایە، ئەمەو جگە لەوەی خەڵکی دیکە هەن نیشتجێی شوقەن . ئەو ناوچەیە جگە لە خانووبەرە، پارکی گشتیو سەنتەری بازرگانی خۆجێیی تێدایە کە خزمەتگوزاری بازرگانی رۆژانە پێشکەش بە دانیشتوانەکەی دەکەن.

# یەکەم : بیردۆزی بازنە هاوچەقەکان

بازنەی پێنجەم: ناوچەی قەراغ شار

ناوچەکانی قەراغ شار هەمیشە کەوتوونەتە شوێنە دوورە دەستەکانی شار، کە لەنێوان ئەوان‌و ناوچە ئاوەدانیەکانی شار چۆڵەوانیەکی زۆر هەن لێکیان جیا دەکەنەوە. دانیشتوانی ئەو ناوچەیە بە گەشتی رۆژانەی کار هەڵدەستن، بەیانیان بەرەو ناوجەرگەی شارو ئێوارانیش بەرەو قەراغەکان . هەروەها ئەو ناوچەیە هەندێ شاری لەتەک گەڕەکەکان تێدا بەدی دەکرێ، کە دەبێتە هۆی ئەوەی دانیشتوانی هەمەجۆر لەخۆ بگرێ لەرووی چین‌و توێژە کۆمەڵایەتیەکانەوە.

<u>ئەو رەخنانەی ئاراستەی ئەو بیردۆزە کران:</u>

١- بێرجس پێشبینی ئەوەی کرد کەوا شارەکان بەشێوەیەکی رێک‌و لەیەک کات فراوان دەبن .ئەمەش دوورە لە راستی چونکی هۆکار گەلێک هەن کار دەکەنە سەر فراوانبوونی شارەکان هەندێکیان سروشتی‌و هەندێکی دیش مرۆڤین، کە بە شێوەی جیاواز کار دەکەنە سەر ئەو پڕۆسەیە لەهەندێک لا لەسەرخۆو لەهەندێکی تریش خێرا.

٢ – ئەو شارەی کە بێرجس لێکۆڵینەوەی لەسەر کرد کە شیکاگۆ بوو لە بنەڕەتدا شێوەی بازنەیی نیە، بەڵکو نیو بازنەییە بەهۆی شوێنی شارەکە لەسەر دەریاچەی میشیگن.

# یەکەم : بیردۆزی بازنە هاوچەقەکان




شاری شیکاگۆ
دەڕوانێتە سەر دەریاچەی میشیگن
کە بێرجیس بیردۆزەکەی لەسەر جێبەجێکرد

# یەکەم : بیردۆزی بازنە هاوچەقەکان


٣ – ئەوەی لەسەر بێرجس دەگیرێ ئەوەیە کە بیردۆزەکەی تەنها لەسەر یەک شار جێبەجێ کردو هەوڵیشی دا لەسەرتاسەری شارەکانی جیهان بیسەپێنێ.

٤ – پشتگوێ خستنی شوێنی پیشەسازیە قورسەکان، کە بۆی هەیە لە ناوچەکانی قەراغ شارەکان دروست ببن . کەچی بێرجس ئەو پیشەسازیانەی بە هۆکاری تێکدانو ناشیرنکردنی شارەکان ناوزەد کرد.

٥ – زۆر زەحمەتە کە بەکارهێنانی زەوی سەنتەری بازرگانی ناو شارەکان شێوەی بازنەیی ئەندازەیی وەرگرن، بۆی هەیە شێوەی تریان هەبێ وەک لاکێشە یان سێگۆشە یان هەر شێوەیەکی نارێک.

٦ – ئەوەی بێرجس لە بیردۆزەکەی حیسابی بۆ نەکرد، کاریگەری ڕێگاو هۆیەکانی هاتوچۆ بوو لەسەر بەکارهێنانەکانی زەوی لەناو شاردا، کە گەشەسەندنی دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی خێرایی گواستنەوەی دانیشتوان لە نێوان بەشە جیا جیاکانی شارو هەرزانبوونی نرخی کرێیەکەشی.

# دووەم : بیردۆزی سێکتەرەکان




Homer Hoyt هۆمەر هۆیت

١٨٩٥ – ١٩٨٤

زانای ئابووریناسی ئەمەریکی هۆمەر هۆیت لە ساڵی 1895 لە لادێیەکی هەژارنشین لە نزیک شاری کەنساس ستی لە ئەمەریکا لەدایک بووە. لەبەر زیرەکی ئەو بلیمەتە هەر لە تەمەنی 18 ساڵیدا بەکالۆریۆس‌و ماستەری تەواو کردو دواتر بڕوانامەی یاسای لە زانکۆی شیکاگۆ بەدەستهێنا. لە بیستەکانی تەمەنی لەو شارەدا خەریکی کارکردن بووە لە کۆمپانیا گەورەکانی عەقارات.

لە کۆتایی بیستەکانی سەدەی رابردوو ئەمەریکا دووچاری قەیرانێکی گەورەی دارایی‌و بازرگانی هات، ئەمەش وای کرد ئەو زانایە خەریکی بازرگانی بێ، دواتر بچێتەوە خوێندن‌و پلەی دکتۆرا لەسەر ئابووری زەوی لەساڵی 1933 بەدەست بێنێ‌و، ئینجا گرنگی بدا بە دۆزینەوەی بیردۆزێک سەبارەت بە چۆنیەتی دابەشبوونی بەکارهێنانی زەوی نێو شارەکان‌و چۆنیەتی گەشەسەندیان لە ساڵی 1939 .

# دووەم : بیردۆزی سێکتەرەکان

هۆیت بە پێچەوانەی بێرجس گرنگیەکی زۆری بە هۆو ڕێگاکانی گواستنەوەدا، بەتایبەتی ئەو ڕێگایانەی کە لەناوجەرگەی شار بەرەو قەراغەکان دەردەچن، جیاوازی گەیشتنیش بە ناوچە جیاجیاکان دەبێتە هۆی ئەوەی کەوا نرخی زەوی لە نێو شارەکان لە ناوچەیەک بۆ یەکێکی تر جیاواز بێ.

بۆ گەیشتن بە بیروڕاکانی خۆی هەڵسا بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی مەیدانی لە 64 شاری بچووکو ناوەند لە ئەمەریکاو چەند گەورە شارێکی وەک نیۆیۆرکو شیکاگۆو دیترۆیتو فیلادلڤیا.

بیرۆکەی هۆیت بریتیە لەوەی کە شارەکان وەک ئەوەی بێرجس گوتی گەشە ناکەن، بەڵکو لەسەر شێوەی سێکتەر (تەوەر) .

هۆیت گەیشتە ئەو ڕایەی کە خێراترین تەوەرەکانی شار کە فراوانو گەشە دەکا بریتیە لەو ناوچە بەرزانەی کە خانووی باشی لێیەو خێزانی دەوڵەمەند تێیدا ژیان بەسەر دەبەن .

هەروەها سەرجەم سیکتەرەکانی (تەوەرەکان) تریش بەهەمان شێوە دەکشێنو بەرەو قەراغی شار درێژ دەبنەوە، بەو شێوەیە شارەکان شێوەی ئەستێرەیی وەردەگرن بەپێچەوانەی بێرجس کە شارەکان لای ئەو شێوەی بازنەییان وەرگرت .بەڵام لەیەک شت وەکو یەکن ئەویش ناوچەی سەنتەری بازرگانیە کە هەردووکیان لەسەر شێوەی بازنەیین وەک ئەو شێوەیە : -

# دووەم : بیردۆزی سێکتەرەکان


١- ناوچەی سەنتەری بازرگانی


٢- ناوچەی پیشەسازیو ڕێگای گواستنەوە

٣- ناوچەی هەژانشین (کرێی نزم)

٤- ناوچەی چینی ناوەند (کرێی ناوەند)

٥- ناوچەی دەوڵەمەند نشین (کرێی بەرز)



1. Central business district
2. Transportation and industry
3. Low-class residential
4. Middle-class residential
5. High-class residential

# دووەم : بیردۆزی سێکتەرەکان

گرنگترین رەخنەکانی ئاراستەی هۆیت کران:


١ - بەکارهێنانەکانی تر لەتەک بەکارهێنانی نیشتەجێبوون دابەشدەبن‌و هیچ لەوان گرنگیان کەمتر نیە، کەچی هۆیت تەنها گرنگی بە خانووبەره دا.

٢ - بیردۆزەکەی هۆیت جەختی کردە سەر جیاوازی چینایەتی‌و دیاری کردنی ناوچەکان لەسەر بنچینەی داهاتی خەڵک.

٣ - ئەو بیردۆزە بەهیچ شێوەیەک باسی ناوچەکانی قەراغ شاری نەکرد، کە لە دەوروبەری شارەکان دروست دەبن.

٤ - وەکو بێرجس کەوتە هەڵەی دیاری کردنی ناوچەی سەنتەری بازرگانی بەشێوەی بازنەیی.

# سێیەم : بیردۆزی فرە ناوکەکان





Chauncey Dennison Harris چانسی دینیسن هاریس
١٩١٤ – ٢٠٠٣

بە یەکێک لە باڵا دەستترین زاناکانی جوگرافیای هاوچەرخ دادەنرێ، بەتایبەتی لە بواری شاردا. خاوەن کتێبی (سروشتی شارەکان)و (پۆلینیکردنی پیشەیی شارەکانی ئەمەریکا) هەروەها کارە گرنگەکانی لە وڵاتی سۆڤێتی جاران گرنگیەکی زۆری بە بواری جوگرافیادا کە بووە هۆی نزیکبوونەوەی زانایە ئەمریکیو رووسەکانو دروستبوونی دیبەیتی زانستی تەندروست.

Edward Louis Ullman ئێدوارد لویس ئۆڵمان
١٩١٢ – ١٩٧٦

لە شاری شیکاگۆ جوگرافیای خوێندووە، لەوێ کەوتە ژێر کاریگەری زانا کۆمەڵناسەکانو ئابووریناسەکانی بواری شار .لە جەنگی جیهانی دووەمدا لە ئۆفیسی خزمەتگوزاریە ستراتیجیەکانی گواستنەوەو گەیاندن کاری کردووە. خاوەن کتێبی (سروشتی شارەکان)ە بەهاوبەشی لەگەڵ هاریس.

# سێیەم : بیردۆزی فرە ناوکەکان

ئەو بیردۆزە لەساڵی 1945 وەک دەستکاریەک لەسەر دوو بیردۆزەکەی پێشووتر لە لایەن هاریس‌و ئۆلمان پێشکەش کرا.

بیرۆکەی سەرەکی ئەو بیردۆزە بریتیە لەوەی کەوا شارەکان لەدەوری یەک ناوک گەشە ناکەن، بەڵکو لە دەوری زیاتر لەیەک ناوک یان سەنتەر دەبێ. فراوانبوونی شارەکان دەبێتە هۆی دروستبوون‌و گەشەسەندنی ناوکی جیاجیا. ناوکە نێوخۆییەکانیش بریتین لە شوێنی بازرگانی تاک لەو شارانەی کە رۆڵی نێوەندی بازرگانی دەبینن، یان هەندێ جار بریتین لە بەندەری ئاویی یان وێستگەی شەمەندەفەر، یان بریتین لە کارگەیەکی پیشەسازی یان کانێکی کانزایی.

# سێیەم : بیردۆزی فرە ناوکەکان

ئەو دوو زانایە گەیشتنە ئەو رایەی کە شارەکان بەشێوەیەکی گشتی لەو ناوکانە پێکدێن:

١ – ناوچەی سەنتەری بازرگانی

٢ – ناوچەی بازگانی تاکو پیشەسازی سووک.

٣ – ناوچەی هەژار نشین

٤ – ناوچەی چینی ناوەند نشین.


٥ – ناوچەی دەوڵەمەند نشین

٦ – ناوچەی پیشەسازی قورس.

٧ – ناوچەی بازرگانی دەرەکی لاوەکی

٨ – خانووبەرەی قەراغ شار.

٩ – پیشەسازی قەراغ شار.



# سێیەم : بیردۆزی فرە ناوکەکان

لایەنە باشەکانی بیردۆزی فرە خانەکان:

١ – بیردۆزەکە ناوچەکانی قەراغ شاری کردە ناوچەی راگوێزانی لە نێوان شارو لادێ، چونکە هەمیشە شارەکان لە داهاتوودا بەرەو ئەو ناوچانە فراوان دەبن.

٢ – ئەو بیردۆزە سوودی لەو رەخنانە وەرگرت کە ئاڕاستەی بیردۆزەکانی پێش خۆی کرابوون.

٣ – بیردۆزەکە ناوچەی سەنتەری بازرگانی بەشێوەیەکی دیاری کراو دروست نەکرد، بەڵکو هێشتیەوە بۆ ئەوەی هەر شارەو شێوەیەکی تایبەت بەخۆی هەبێ.

٤ – هەروەها بیردۆزەکە گرنگی بە داهاتووی شارەکانیش دا، لە رێگەی دانانی ناوچە قەراغیەکانی وەک خانووبەرەو بازرگانیو پیشەسازی.

٥ – هەرچەندە ئەو بیردۆزەش وەک ئەوەکانی دی جەختی لەسەر جیاوازی چینایەتی کردەوە، بەڵام لەو سەردەمەی ئەمڕۆماندا لەسەر زۆربەی شارەکان جێبەجێ دەبێ وەک بەغداو بەسڕەو نەجەف لە عێراق دوای جێبەجێ کردنیان لەلایەن توێژەرانەوە.

# بە هیوای سەرکەوتن

